مه‌هاباد قه‌ره‌داغی

# ڕانیه

## دروازه‌ی یه‌کسانی و ڕاپه‌ڕین

ده‌مێک بوو ئه‌وان ده‌یانویست و منیش ده‌مویست به‌ دیداری یه‌ک بگه‌ین و ژووانێکی ئه‌ده‌بی یان ڕووناکبیری ڕێکبخه‌ین، به‌ڵام ده‌مانویست و ده‌رفه‌ت نه‌ده‌ڕه‌خسا. ئه‌مجاره‌ ده‌رفه‌ت ساز بوو، به‌ره‌و شاری ڕانیه‌ که‌وتمه‌ ڕێ، تا له‌ ئێواره‌ی 8/26 دا له‌ سیمینارێکدا که‌ سه‌نته‌ری ئاسۆس سازی کردبوو، به‌و دروشمه‌ی که‌ پرنسیپی کار و خه‌باتی منه‌ بۆ کۆمه‌ڵگه" یه‌کسانی بنه‌مایه‌که‌ بۆ کۆمه‌ڵگه‌ی مه‌ده‌نی"، پێکه‌وه‌ دیباتێکی دیموکراسیانه‌ چێ بکه‌ین.

له‌ ده‌روازه‌ی ئه‌و شاره‌دا ڕاپه‌ڕینم بیرکه‌وته‌وه‌، ڕاپه‌ڕین به‌ هه‌موو مانا و سیمبوله‌کانیه‌وه‌ له‌ ماوه‌یه‌کی کورت و خێرادا به‌ بیره‌وه‌ریمدا ده‌گوزه‌ران و موژده‌کانیان وه‌بیرده‌هێنامه‌وه‌، که‌ یه‌که‌میان مژده‌ی ئازادی خه‌ڵکی ڕاپه‌ڕیوی ڕانیه‌ بوو. مێژوو له‌و ڕۆژانه‌دا شانازییه‌کی بێپایانی به‌ ڕانیه‌ به‌خشی، خه‌ڵکی ئه‌م شاره‌ به‌و ده‌ستپێشخه‌رییه‌یان، بوون به‌ وه‌رچه‌رخێنه‌ری مێژووی کورد.

که‌ گه‌یشتمه‌ نێو هۆڵی سیمیناره‌که‌ ، سه‌ره‌ڕای گه‌رمای یه‌کجار زۆری هاوینی کوردستان، بینیم هۆڵێک پڕه‌ له‌ ئافره‌ت و پیاو، که‌ چوومه‌ سه‌ر شانۆ بۆ پێشکه‌شکردنی بابه‌ته‌که‌م و له‌وێوه‌ ڕووانیمه‌ ئاماده‌بووان موچوڕکێکی خۆشی سه‌رتاپامی گرته‌وه‌، ئه‌وه‌تا خه‌ڵکی ئه‌م شاره‌ ده‌ستپێشخه‌رییه‌کی تریش تۆمار ده‌که‌ن و، به‌ تایبه‌ت بۆ باسکردنی پرنسیپی یه‌کسانی که‌ من له‌ پێناویدا هاتووم، له‌ نێو ئاماده‌بوواندا ده‌یبینم. به‌ مه‌زنده‌ تۆزێ زیاتر یان که‌متر له‌ پێنجسه‌دکه‌س ده‌بوون، نه‌ده‌کرا بزانم، به‌ڵام دیسان به‌ مه‌زنده‌ ژماره‌ی پیاوان و ژنانی ئاماده‌بوو یه‌کسان بوون.

سه‌دان کۆڕ و کۆبوونه‌وه‌ و کۆنفرانس چووم، به‌ڵام ئه‌وه‌ یه‌که‌مین جار بوو ئه‌و دیمه‌نه‌ یه‌کسانه‌ له‌ به‌شداران ببینم. هه‌میشه‌ ژنانی به‌شداری ئه‌و چالاکیانه‌ به‌ ڕێژه‌یه‌کی به‌رچاو جیاواز و دوور بوون له‌ یه‌کتره‌وه‌. به‌ ده‌گمه‌ن هه‌بووه‌ ژماره‌ی ژن "به‌ ڕیزپه‌ڕی ئه‌و کۆبوونه‌وانه‌ی که‌ ته‌نها بۆ ژن کراون" 20 %ی به‌شداران پێک بهێنن. ئاواتم ده‌خواست ڕۆژێ بێت و ئه‌و دیمه‌نه‌ ببینم که‌ ژنان و پیاوان به‌ یه‌کسانی به‌شداری چالاکییه‌ک ببن، ده‌مزانی ڕۆژێک ده‌بێت ببینم، به‌ڵام پێم وابوو کاتێکی زۆر

دەخایەنێت، سوپاس بۆ خەڵکی ڕانیەی هەردەم دەستپێشخەر کە ئاواتەکەمیان زوو هێنایە دی و نەیانهێشت ساڵانێکی دوورودرێژ چاوەڕێ بم.

من ئەو ڕۆژە و بە دیتنی ئەو دیمەنە هەر هێندەم پێ کرا بەوپەڕی خۆشی و خۆشەویستییەوە نازناوێکی تر بەم شارە ببەخشم. لە پاڵ "دەروازەی ڕاپەڕین"دا، خەڵکی دەستپێشخەری ڕانیە، دەروازەیەکی تریشیان چی کرد و من شەرەفی ئەوەم پێ برا ناوی بنێم "دەروازەی یەکسانی" .

دەبوایە لەبەر سێ هۆ ئەم دێڕانە تۆمار بکەم و وەک پەیامێکی کورت و نامەیەکی کراوە بینێرم:
یەکەم: بۆ مێژوو. پێویستە دەستپێشخەری وا لە مێژوودا تۆمار ببێت و وەکو مافێکی خۆیان شانازی پێوەبکەن. خەڵکی ئەم شارە لە سیفەتیاندا دەستپێشخەری هەیە و وەک چۆن دەروازەیان بۆ ڕاپەڕین کردەوە، ئاواهیش بۆ یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو دەروازەیەکی تریان دروست کرد.
دووەم: بۆ سوپاسکردنیان لەو پێشوازییە گەرم و میوانداریيە بێوێنەیەیان کە ئەستەمە لە بیر بکرێت.
سێیەم: بۆ ئەوەی پێیان بڵێم خۆشم دەوێن و بیرتان دەکەم.

2005/09/05